گوڤارا زانکويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وکومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

# پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە چوارچێوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی

یوسف شەریف سەعید و عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد
پشکا زمانێ کوردی، کۆلیژا زمان، زانکۆیا سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ – عێراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەکولینێ: 8 ئیلولێ، 2016، مێژوو ڕەزامەندیا بەلاڤکرنێ:7 شواتێ، 2017))*

## پوخته

**ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر گرنگترین ئەو تیۆرە زمانیانەی کە پەیوەندی نێوان (زمان و بیر) دەستنیشان دەکەن، لە نێوانیانیشیاندا هەردوو تیۆری (ئەرستۆیی و ڕێژەیی زمانی).**

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە: لەوەدایە کە هەنگاونانە بەرەو تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی زیاتر لە ئالۆزی پەیوەندی نێوان (زمان و بیر) لە ڕێگەی تۆرە جیاوازەکانی تایبەت بەم بابەتەوە.**

**ناوەڕۆکی لێکۆلینەوە: پێکهاتووە لە (تیۆری ئەرستۆیی) و تێڕوانینەکانی بۆ پەیوەندی نێوان (زمان و بیر)، هەوڵەکانی پێش تیۆری (ڕێژەیی زمانی) دەرکەوتوون، تیۆری (ڕێژەیی زمانی)، هەندێ لەو بۆچوون و هەوڵانەی دوای تیۆری (ڕێژەیی زمان)، بە هەردوو جۆری کۆك و ناکۆك لەگەڵیدا باسکراون.**

## پێشەکی

لەم لێکۆڵینەوەیەی (پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە چوارچێوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی)دا، زمانەوانان بە هەندێ ڕاستی گەیشتوون و لەسەر ئەوە کۆکن کە دانە زمانییەکان (هێما)ن بۆ ئەو بیرۆکانەی لە (بیر – زهنی) مرۆڤدا هەن، جا ئەو بیرۆکانە هەستی، مادی یان مەعنەوی بن، بەڵام لەسەر ئەوە کۆك نین کە ئایا (زمان) تەنها ڕۆڵی گواستنەوەی (بیر) دەبینێ لە ڕێگای بە (هێما)کردنیان، یان ڕۆڵی لە دروستکردن و ئاراستەکردنی (بیر)یشدا هەیە؟. لەم بارەیەوە

زۆربەی لێکۆڵەرانی بوارەکانی (زمان، ئەنسرۆپۆلۆجی و کۆمەڵناسی)، بڕوای ڕەهایان بە کاربەراییدان بە (بیر) هەبووە و تەنها ڕۆڵی ئامرازێکی گواستنەوەیان بە (زمان) داوە، سەرچاوەی ئەم تێگەیشتن و باوەڕەش بۆ تیۆری (ئەرستۆیی) لەبارەی پەیوەندی (زمان و بیر) دەگەڕێتەوە، ئەم تیگەشتن و تیۆرە بە درێژایی مێژوو نەیتوانی شیکردنەوەیەکی پەسند و لۆژیکی بۆ جیاوازییەکانی (زمان) پێشکەش بکات. بەڵام، دوای سەرهەڵدانی تیۆری (ڕێژیی زمانی)ی (وۆرف) ئەم بڕوا ڕەهایە درزی تێکەوت، بەوەی (زمان) ڕۆڵ و کاریگەری لە ئاراستەکردن و

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

دروستکردنی (بیر)دا هەیە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە زمانەوانان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی جیاوازی زمانەکان کردووە و پێیانوابووە کە لە ئەنجامی جیاوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەلای ئێمەوە تیۆری (ڕێژەیی زمانی) دەتوانێ شیکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئەم بابەتە پێشکەش بکا، چونکە ئەگەر ئەوە راست بێ کە (زمان) لە کۆمەڵگایەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەوە بەهەمان شێوە، دەبێ (بیر – بیرکرنەوە) و (جیهانبینی)ش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز بێ، چونکە ئەگەر جیاوازی لە نێوان (بیرکردنەوە)ی کۆمەڵگاکاندا نەبوایە، ئەوە بۆ هەمان (بیر) دەربڕینی جیاواز لە نێوان زمانەکاندا بەکارنەدەهێنرا و بەمەش (زمانی) جیاواز، یان جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا پەیدا نەدەبوو. کەواتە جیاوازی نێوان زمانەکان، لە ئەنجامی جیاوازی لە (بیر)کردنەوەکانە، یان هەر لە بنەڕەتەوە ئەم جیاوازیانەی زمان بۆ خۆی بەڵگە و دیدڤانی جیاوازی نێوان (بیرکردنەوە)کانە.

بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە (زمان) کاریگەری لەسەر کۆی گشتی رۆشنبیری بەکارهێنەرانی هەیە، و (زمان) تەنها ئامرازێکی گواستنەوەی (بیر) نییە، بەڵکو ریگایەکیشە بۆ ئاراستەکردنی (درککردن، تێڕوانین و تێگەیشتن)ی بەکارهێنەرانی، ئەو ڕێگایانەش پیشانی بەکارهێنەرانی دەدا، کە شارەزایی و توانای (بیرکردنەوە)یان فراوان بکەن و بیگوازنەوە بۆ هێما و رەمزی زمانی.

## پەیوەندی نێوان (زمان) و (بیر)

بە درێژایی مێژووی لێکۆڵینەوە زمانییەکان چەندین تیۆری جیاواز بۆ دەستنیشانکردنی جۆر و شێوەی پەیوەندی نێوان (زمان) و (بیر) و کاریگەریان لەسەر یەکدی خراونەتەڕوو، لێرەدا ئاماژە بە کۆنترین ئەو تیۆرانە دەکەین، کە بریتییە لە تیۆری (ئەرستۆیی)، دواتر باس لە گرنگترین ئەو بۆچوونانە دەکەین کە پێش سەرهەڵدانی (تیۆری ڕێژەیی)ی (وۆرف) خراونەتەڕوو و، ئینجا دێینە سەر (تیۆری ڕێژەیی) و ئەو گەشەکردن و گۆڕانکاریانەی بەسەر تیۆرەکەدا هاتوون.

### تیۆری ئەرستۆیی

کورتەی (تیۆری ئەرستۆیی) بریتییە لە: ( ئاخافتن هێمایە بۆ بیر، نووسینیش هێمایە بۆ ئاخافتن) [1] ، ئەم تیۆرە پێیوایە کە هەر وەك چۆن (پیتەکانی) نووسین لای گشت مرۆڤەکان وەك یەك نین، بە هەمان شێوە (وشە و دەستەواژە)کانیش یەك شێوەیان نییە، بەڵام ئەو (تەن و شتانە)ی بە وشە و دەستەواژەکان دەردەبڕدرێن لەنێوان گشت مرۆڤەکاندا هەمان شتن و بۆ هەمان (بیر)ن و جیاوازیان نییە.

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

تیۆرەكە پێیوایە (زمان) رەنگدانەوەی راستەوخۆی (بیر)ە، و مرۆڤەكان لە (بیر)دا هاوبەشن و جیاوازیان لە نێواندا نییە، هەروها پێیوایە (بیر) پێش زمان دەكەوێ و ئەو جیاوازییەش كە لە نێوان (بیركردنەوە)ی كۆمەڵگاكاندا هەن، بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕێتەوە كە لە ژینگە و دەورروبەریاندا هەیە، بۆیە هەر كۆمەڵگەیەك بەشێوەی سەربەخۆ دەردەكەوێ لەوەی تاكەكانی بەهەمان شێوە (درك) بە دەورروبەریان دەكەن، ئەمە بۆ گشت كۆمەڵگا جیاوازەكانیش راستە، ئەم تیۆرە پێیوایە كە تەنانەت (درككردن)یش وێنە و هێمایە بۆ ئەو شتانەی لە (بیر)ی مرۆڤدا هەن، بۆیە تیۆرەكە رۆڵی (زمان) تەنها وەكو ئامرازێكی گوێزەرەوە بۆ گواستنەوەی ناوەڕۆكی ئەو (بیر)ە هاوبەشەی لەلای مرۆڤەكان هەیە، دەبینێ.

لە لێكۆڵینەوە زمانییەكاندا ماوەیەكی دیرۆكی دوور و درێژ ئەم تیۆرە باو بووە، زۆربەی زمانەوانان بڕوایان پێیبووە، یان لانیكەم لەبارەی پەیوەندی نێوان (زمان و بیر) لەسەر هەمان بنەما و لۆژیك رۆیشتوون، تا ئەو كاتەی تیۆری (ڕێژەی زمانی)ی (وۆرف) سەریهەڵداوە[2].

**بیروباوەڕی ئاینی و تیۆری ئەرستۆیی**

بیروباوەڕە ئاینییەكانیش لەگەڵ بنەماكانی ئەم تیۆرە تەبا و كۆكن، لەلایەكی دیكەوە زانا ئاینییەكان خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە نەداوە، لەبەر ئەوەی بۆچوون و لێكدانەوەی جیاواز بۆ ئەم بابەتە، پێچەوانەی چەسپاوە ئاینییەكانە و لە گشت پەرتووكە ئاینییەكاندا ئەم بابەتە یەكلاكراوەتەوە كە (بیر) پێش (زمان) دەكەوێ بۆ نموونە لە (قورئان)دا كاتێك باس لەوە دەكا كە خودا مرۆڤی فێركردووە و پیشانیداوە، وەكو لە ئایەتێكدا دەڵێ (وعلمه البیان)[3] ، یان (فألهمها فجورها و تقواها)[4] ، بۆیە گشت ئەو زانا ئاینیانەی لەم بوارەدا لێكۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، بڕوای رەهایان بەوە هەبووە كە (زمان) تەنها رۆڵی گواستنەوە و دەربڕینی لە (بیر) هەیە و پێشی ناكەوێ و پێكیشی ناهێنێ.

**هەندێ لە هەنگاوەكانی پێش سەرهەڵدانی (تیۆری ڕێژەیی زمان)**

هەڵبەتە تیۆری ڕێژەیی (وۆرف) هەر لەخۆوە و بەو شێوە كاملە لەدایكنەبووە، بەڵكو پێش ئەو هەندێ بیروبۆچوون و هەوڵ هەبووە كە بوونەتە بنەما بۆ كارەكانی (وۆرف)، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەوڵانە دەكەین.

**1.** بۆچوونەكانی زمانەوانی فەرەنسایی (ئەنتۆن فێبر دی ئۆلیڤەر ١٧٦٨ – ١٨٢٥).

لە كتێبێكدا بەناوی (بە ڕەچەڵەككردنی زمانی عیبری)، كە لە ساڵی (١٨١٥) بڵاوكراوەتەوە، لەم كتێبەدا بۆچوونەكەی خۆی وا دەخاتەڕوو، كە (زمان شاژنێك نییە پیرۆز بكرێ و شكۆمەندی پێ بدرێ، بەڵكو بەشێكە لە رەوشت و رۆشنبیریی ئەو مرۆڤانەی قسەی پێدەكەن)[5] ، ئەم زمانەوانە بەم

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

بۆچوونەی بەرەو ئەوەمان دەبا، کە نابێ وەکو شتێکی پیرۆز و رەها لێکۆڵینەوە لە زمان بکرێ، بەڵکو پێویستە وەکو بابەتێکی پەیوەندیدار بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و کەلتووریی دیارکراودا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، ئەو پێیوابووە کە هەروەك چۆن جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا هەیە، ئەوهاش جیاوازی لە نێوان (بیر و رۆشنبیریی و کەلتوورەکان)یشدا هەیە. بەم بۆچوونەی بەرەو ئەوەمان دەبا کە جیاوازی لە بیرکردنەوە و رۆشنبیریی کۆمەڵگاکان رەنگدانەوەی لە زماندا هەیە، یان ئەو جیاوازییانەی لە زمانەکاندا هەیە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و رۆشنبیریی هەیە.

2. بۆچوونەکانی زمانەوانی ئێرلەندی (جێمس بێرن ١٨٢٠ – ١٨٩٨).

لە کتێبێکدا بەناوی (بنەما گشتییە پێکهێنەرەکانی زمان)، لە ساڵی ١٨٨٥ بڵاوکراوەتەوە، بە روونی باس لەوە دەکا، کە (پەیوەندی پتەو لە نێوان بنەماکانی زمان و بنەماکانی بیرکردنەوەی - هۆشەکی - باو لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەن). (6). لەم روانگەیەوە (بێرن) ئاماژە بۆ دوو جۆر بنەمای هۆشەکی دەکا، یەکەمیان ئەو بنەما هۆشەکییانەیە کە کاردانەوەیان خێرایە، ئەم جۆرەیان بیرکردنەوە و دەرکردنی ئاماژەکانیشیان خێرایە، دووەمیان ئەو بنەما هۆشەکیانەیە کە کاردانەوەیان لەسەرخۆیە، ئەم جۆرەیان بیرکردنەوە و دەرکردنی ئاماژەکانیشی لەسەرخۆیە. (بێرن) پێیوایە ئەو زمانانەی خاوەنی بونیادێکی سادە و پێکهاتەیەکی سادەن لە جۆری یەکەمن، بەڵام ئەو زمانانەی کە خاوەنی بونیادێکی ئاڵۆز و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزن، لە جۆری دووەمن و ناوی لێناوە زمانە فرەپێکهێنەرەکان (7) (polysynthetic). (بێرن) بەم بۆچوونانەی روونتر و ئاشکراتر لە زمانەوانەکانی پێش خۆی ئاماژە بۆ کاریگەریی (زمان) لەسەر (بیر) دەکا.

3.بیروبۆچوونی فەیلەسوفە نموونەییە ئەڵمانییەکان.

لە سەدەی هەژدەدا و، لە چوارچێوەی ئەو رەخنانەی لە چەمکە باوەکانی سەردەمی رێنیسانسیان دەگرت، کە لەبارەی پەیوەندی نێوان (زمان) و ( بیر) هەبوو درێژپێدەری هەمان بۆچوون و تێگەیشتنی تیۆری (ئەرستۆیی) بووە. دیارترین ئەو فەیلەسوفانە بریتین لە (یوهان هێردەر J.Herder ١٧٤٤ - ١٨٠٣) و (ویلیام هەمبۆلت W.Humboldt ١٧٦٢ - ١٨٣٥).

a. هێردەر، لەبارەی پەیوەندی نێوان (زمان و بیر)، بەم شێوەیە بۆچوونەکەی خستۆتەڕوو (روحی مرۆڤ لە رێگەی وشەکانەوە بیر دەکاەوە و لە رێگەی زمانەوە فێری بیرکردنەوە دەبین و، ئەگەر بمانەوێ شیکردنەوە بۆ بیری مرۆڤ بکەین، ئەوە شیکردنەوەی زمان تاکە رێگایە). هەر ئەم لۆژیکەیە وای لە (هێردەر) کردووە کە پێیوابێ پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان جیاوازی سستەمە زمانی و سستەمەکانی بیرکردنەوەدا هەیە و لەم بارەیەوە

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

دەڵێ: (هەر گەلێك پاشخانێكی تایبەتی لە بیركردنەوە هەیە، كاتێك دەكرێن بە هێما زمانی نەتەوەیی پێكدێنن) [8].. هەروەها (هێردەر) پێیوایە شێوە و فۆرمی (زمان) تەنها بۆ گەیاندنی واتانین، بەڵكو تایبەتمەندیش دەدا بە واتا لە زمانەكەدا، بۆیە لای ئەو (خواستن و میتافۆر) لە زمانە جیاوازەكاندا ناكەونە ژێر هەمان بنەما و كاریگەریی، بەڵكو هەر زمانەو خاوەنی شێوە و فۆرمێكی تایبەتە كە لەگەڵ سروشتی زمانەكە دەگونجێ. بە جەختكردنەوە لەسەر شێوە و فۆرم، (هێردەر) دەگاتە ئەو بڕوایەی كە زمانە جیاوازەكان خاوەنی تایبەتمەندیی (واتایی) خۆیانن، بەمەش دەبن بە خاوەنی تایبەتمەندیی رۆشنبیریی و كەلتووری[9].

**b**.هەمبۆلت، گرنگترین ئەو بنەمایەی (هەمبۆلت) جەختیكردۆتە سەری بریتییە لە، تایبەتمەندی زمانە جیاوازەكان لە هەردوو لایەنی (فۆرم و بونیاد) و (ناوەڕۆك و رۆشنبیریی)دا، بۆ نیشاندانی ئەم بۆچوونە (هەمبۆلت) پێیوایە كە (زمانی هەر گەلێك روحەكەیەتی و روحی هەر گەلێكیش زمانەكەیەتی، زمان ئەو ڕووەیە كە بیر و هۆشی نەتەوە ئاشكرا دەكا، بۆیە زمان بیر و هۆشی نەتەوەیە و بیر وهۆشی نەتەوەش زمانەكەیەتی) [10]. لەم رێگەیەوە پەیوەندی نێوان تایبەتمەندیی (بیركردنەوە و دركپێكردن) و تایبەتمەندییەكانی (زمان) دەستنیشان دەكا، چونكە پێیوایە كە بیركردنەوە و دركپێكردن بەبێ (زمان) دەستنیشان ناكرێن و ناگەیێنرێن، بۆیە پێیوایە (زمان و بیركردنەوە) لێكجیاناكرێنەوە و هیچ كامیان سەربەخۆ نین، بەڵكو بەیەكەوە وابەستەن، بەمە (هەمبۆلت) دەگاتە ئەو بڕوایەی كە ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زمانەكاندا هەیە، تەنها جیاوازی دەنگی و گۆكردن نین، بەڵكو جیاوازییەكان بۆ تێگەیشتن و جیهانبینی ئاخافتنكەرانی زمانە جیاوازەكان دەگەڕێتەوە.

4 .بیر و بۆچوونەكانی سەرەتای سەدەی بیستەم:

ئەم بۆچوونانە میتۆدی زانستی وردتر و فراوانتری بەخۆوە بینیوە، نەخاسمە دوای زیادبوونی دۆزینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەكان بۆ شێوە و تایبەتمەندیی زمانە جیاوازەكان، لەم روانگەیەوە ئاماژە بۆ رۆڵ و كاریگەریی دوو شارەزای بواری ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی دەكەین، كە رۆڵێكی كاریگەریان لە سەرهەڵدانی (تیۆری رێژەیی) هەبووە، ئەوانیش هەریەك لە (فرانس بواس F.Boas ١٨٥٨ - ١٩٤٢) و (ئیدوارد ساپیر Edward Sapir ١٨٨٤ - ١٩٣٩)ن.

**a**. فرانس بواس F.Boas:

بە پێشەنگی ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی ئەمریكی دادەنرێ، كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر زمانەوانی نوێ هەبووە، كاریگەرییەكەی لەسەر هەریەكە لە (ساپیر، كرۆبەر و بلۆمفیلد) لە نیوەی یەكەمی سەدەی رابردوو بەرجەستە دەبێ. (فرانس بواس) لە لێكۆڵینەوەكانیدا گرنگی بەم دوو لایەنە داوە، یەكەم، وەسفكردنی هەر زمانێك لە چوارچێوەی

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

تایبەتی گەشەکردنی خۆیدا لە بری لە چوارچێوەدانێکی پێشتر ئامادەکراوی زمانێکی دیکەدا. دووەم، دانانی بنەما و فەرهەنگ لە تێکستی رەسەن و باوەڕپێکراوی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێ[11].

**پوختەی بۆچوونەکانی بواس:**

لەبارەی پەیوەندی نێوان (زمان و بیر)، پوختەی بۆچوونەکانی (بواس) بریتییە لە: (هەر ئاخاوتنێك لە کۆمەڵە دەنگێکی گۆکراو و بەمەبەستی گەیاندنی بیرێك پێکهاتووە، و کۆمەڵە دەنگێك واتایەکی دیاریکراویان هەیە، زمانەکان تەنها لە دەنگە گۆکراوەکانیان جیاوازنین، بەڵکو لەو بیرکردنەوانەش جیاوازن کە لە رێگەی دەنگەکانەوە دەریاندەبڕن).

(بواس)، بۆچوونەکەی زیاتر روونەدەکاتەوە و دەڵێ: (دانە دەنگییەکان دەتوانن ژمارەیەکی بێ کۆتایی فۆرم و وشە پێکبهێنن، بەڵام تەنها ژمارەیەکی دیاریکراویان بۆ دەربڕین لە بیر و بۆچوونەکان بەکاردەهێنرێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیێنێ، کە ئەو ژمارە دیارکراوەی بیرکردنەوەکانیش کە لەو کۆمەڵە دانە دەنگییانەوە پێکدەهێنرێن، سنووردارن، بەو پێیەی تێکڕای ئەزموونە کەسییەکان کە زمان دەربڕینیان لێ دەکا بێ کۆتاییە، بۆیە پێیوایە کە پێویستە تێکڕای ئەو ئەزموونانەی تاکە کەسی بە ژمارەیەکی دیاریکراوی پێکهاتە دەنگییەکان دەربڕینیان لێ بکرێ، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەوەی کە پۆلینکردنی فراوانی ئەزموونەکان بنەمای زمان پێکدێنێ).

مەبەستی (بواس) ئەوەیە کە (زمان) وێنەی ئەو واقیعەیە کە ئەزموونی مرۆڤ دروستیکردووە، (زمان) دەربڕین لە واقیعێك دەکا، کە ژمارەیەکی بێ کۆتایی (ئەزموون، دۆخ، پەیوەندی و هەستکردن و...هتد) و بە بەردەوامی بەرهەمدێنێ و لە رێگەی پۆلینکردنەوە واتایان پێ دەبەخشێ، ئینجا جیاوازی نێوان پۆلینکردنەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکان، جیاوازی نێوان (بیرکردنەوە) و (رۆشنبیریی)یەکان بەرجەستە دەکا. بەمەش (بواس)، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی (ئەرستۆیی) دەوەستێتەوە، کە پێیوابوو (بیرکردنەوە) سروشت و ئەدگارێکی گشتی و هاوشێوەی هەیە لە لای گشت مرۆڤەکان، بەڵکو (بواس) لەو باوەڕەدایە کە بیرکردنەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەپێی ئەو کەلتوور و رۆشنبیرییەی بەرهەمیهێناوە و، هەر زمانەو بەپێی سستەم و بنەمای تایبەتی خۆی دەبێتە رەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیەی هەیەتی.

نموونەیەك بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچوونەی (بواس):

وەکو ئەوەی دەبینین لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوەی جیاوازی (بیر- چەمکی)ی (ئاو) بەرجەستە دەکرێ، میناك، بەپێی شوێن (دەریا، دەریاچە، رووبار، گۆم، جۆگە، جۆگەلە، کارێز، کانیاو و...هتد)، بەپێی جۆر و سەرچاوە (باران، نمە، نختە، لێزمە و... هتد)، بەپێی جووڵە (مەند، سیپەل،

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسى)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

لافاو، شەپۆل پێل، تاڤگە، زڤرۆك، پەنگاو، دەراو، گەرِ و ...هتد)، بەپێی تام و رەنگ (شیرین، سوێر، گراو، شێلوو، زەلاڵ سازگار و...هتد)، لە زمانی كوردیدا بەم پۆلین و فۆرم و كۆمەڵە دەنگیانە دەربرین لە چەمكی (ئاو) لەرووی شێوە و سەرچاوە و تام و رەنگەكانی دەكریێ، لەوانەیە لە زمانێكی دیكەدا هەمان ئەم چەمك و بیرۆكە فراوانتر یان تەسكتر دەربرینی لیێ بكریێ، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا، بەپێی شوێن (البحر،النهر، البحيرة، المحيط و الغدير)، و بەپێی جۆر و سەرچاوە (المطر و الندى)، بەپێی جوولە (السيل، العباب، الموج، الغمر، الرق و الناطف)، بەپێی تام و رەنگ (العذب، الزلال، الرضاب، الزعاق، النشع، المالح و الأوجاج). بەڵام لە زمانێكی وەكو زمانی (داكۆتا – Dakota)، بۆ بەرجەستەكردنی واتا و چەمكەكانی (لێدان –naxtaka)، (گرێدان – paxtaka)، (دەستپێوەگرتن – yaxtaka)، (نزیكبوونەوە – icaxtaka)، (لەناوبردن – paxtaka) بەكاردەهێنریێ ، دەبینین لە گشت دەربڕینەكاندا پەنای بۆ واتای (گرتن ـ taka) بردووە.

هەروەها ئەو وشانەی بۆ دەربرین لە چەمك و دیاردەكانی وەكو (رەگەز، كات و تێنس، كۆكردن، دۆخ، جێناوەكانی كەسی و نیشانە، ناساندن، نەناساندن و...هتد) بەكاردەهێنرێن، كە لەرێگەیانەوە جیاوازی نێوان زمانەكان بەرجەستە دەكا.

لای (بواس) توانای زمانەكان بۆ (گشتاندن و بیركردنەوەی رووت و پۆلینكردنیان)، كرۆكی (بیر) پێكدێنن، بواس پێیوایە، ئەو كەموكورِی و بێ توانایییەی لە گشتاندن و راماڵین (تەجریدكردن) لە هەندێ لە زمانە سەرەتایيەكان دەبینین، هۆكارەكەی بۆ سروشت و فۆرمی زمانەكان ناگەرِێتەوە، بەڵكو بۆ ئەو چوارچێوە رۆشنبیرییە دەگەرِێتەوە كە ئاخێوەرانی زمانەكە تێیدان، بەمەش كۆی گشتی بۆچوونەكانی (بواس) لە چوارچێوەی ئەو بیرۆكەیە دەسورِێتەوە كە (جیاوازی نێوان زمانەكان یەكسانە بە جیاوازی بیر و رۆشنبیریی و كەلتووری كۆمەڵگاكان). (12)

b. ئیدوارد ساپیر — Edward Sapir (١٨٨٤ - ١٩٣٩).

ساپیر، باوەرِی بە باڵادەستی زمان لەسەر بیركردنەوە و چالاكییە كۆمەڵایەتیەكان هەبووە، ئەم بیرۆكەیەی ناونراوە (ڤەبرییەتی – حەتمیەتی – زمانی)، هەروها باوەرِیشی بە راستیی جیاوازیی نێوان زمانەكان هەبووە كە پێیوابووە جیاوازیی رۆشنبیریی بەرهەمدێنن، ئەم بیرۆكەیە سەرەتا بەتیۆری (رێژەیی زمانی) ناسرا، هەر ئەم دوو بیرۆكەیەشە كە دواتر دەبنە دوو بنەمای سەرەكی تیۆری رێژەیی زمانی. دواتریش ئەو لێكۆڵەرانەی لەبارەی (تیۆری رێژەیی)ەوە لێكۆڵینەوەیان ئەنجامداوە، جیاوازیی نێوانیان بە جەختكردنەوە و پشتگیریكردن لە یەكێك لەم دوو بیرۆكەیەی سەرەوە، یان هەردووكیان بەیەكەوە، یان

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

رەتكردنەوە و گومان خستنەسەریان دەردەكەویَ [13]. لەم چوارچێوەیەدا (ساپیر) لەسەر دوو گریمانە كاریكردووە، یەكەمیان باڵادەستی دەداتە زمان لەسەر بیركردنەوە و تێروانین بۆ جیهان، ئەم گریمانەیە (ساپیر)ی بەرەو هەوڵەكانی ئاشكراكردنی ئەو چەمكە بنەڕەتییانەی كە باس لە جیاوازیی نێوان زمانەكان دەكا بردووە، دووەمیشیان ئەو گریمانەیەی باس لە (ناهاوسەنگیی نێوان زمانەكان) دەكا، بەرەو ئەوەی بردووە كە دان بە سەربەخۆیی زمانەكان بنێت[14]. هەروەها پێیوایە كە دوو ئاست هەیە بۆ پەیوەندی نێوان (زمان) و (بیركردنەوە و رۆشنبیری) و بریتین لە ئاستەكانی (فۆرم و واتا)، ئەو پێیوایە لە ئاستی فۆرمدا پەیوەندی لە نێوانیاندا نییە، بەڵام لەسەر ئاستی واتایی، ئەوە گەشەكردنی رۆشنبیری رەنگدانەوەی لەسەر ناوەڕۆكی واتایی زمانەكان هەیە و بە پێچەوانەشەوە، لەوەش زیاتر باوەڕی بەوە هەبووە زمان باڵادەستی و رۆڵی كاریگەری هەیە لە پێكهێنانی تێڕوانینی شێوەی رۆشنبیری و پرۆسەی گونجاندنی بەكارهێنەرانی زمان لە چالاكییە كۆمەڵایەتییەكاندا.

بۆچوونەكەی (ساپیر) پێچەوانەی هەڵوێستی كۆمەڵناسەكان و یەكانگیرە لەگەڵ بۆچوونی ئەنسرۆپۆلۆجییەكان، چونكە هەرچی كۆمەڵناسەكانن و بەتایبەتی هەریەك لە (میَد Mead) و (دۆركایم – Durkheim) پێیانوابووە كە زمان ئەدگارێكی جێگیرە و لە گشت كۆمەڵگەكاندا هەمان بوونی هەیە، بەڵام ئەنسرۆپۆلۆجییەكان پێیانوایە زمان ژانرێكی سەرەكییە لە ژانرە پێكهێنەرەكانی رۆشنبیریی گەلان.

**تیۆری (رێژەیی زمانی – Linguistic relativity HypothesiS):**

**پێشینەی مێژوویی تیۆرەكە:**

هەریەكە لە (هەمبۆلت، ئیدوارد ساپیر، فرانس بواس و بنجامێن لی وۆرف) بنەماكانی ئەم تیۆرەیان داناوە، كە سەرەتا بە تیۆری (ساپیر _ وۆرف ، Sapir- Whorf) و دواتریش بە تیۆری (رێژەیی زمانی – Linguistic relativity) ناسراوە. [15]

**بنەمای زانستی تیۆرەكە:**

تێڕوانینی (وۆرف – Whorf) بۆ تایبەتمەندیی و جۆری زمانە جیاوازەكان خاڵی دەستپێكی بووە، لەلایەكی دیكەوە (وۆرف) گرنگیی زۆری بە دەروونناسی داوە، چونكە دەروونناسی گرنگی بە پرۆسە هۆشەكییەكان و سروشتی بیركردنەوە و هەڵسوكەوت و كار وكاردانەوە دەدا.

(وۆرف) پێیوابووە زمانەوانی لە كۆتاییدا رێگایەكە بۆ شیكردنەوە و راڤەكردنی كێشە دەروونییەكان، بەمەش زمانەوانی بەشدارییەكی كارای دەبیَ لە شیكردنەوەی كێشە رۆشنبیریی و كەلتورییەكان، هەر لەبەر ئەمەشە گرنگی بەلایەنی واتایی زمان داوە، و لەم بارەیەوە پێیوابووە (زمانەوانی لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەركردن و شیكردنەوەی واتایە) [16] ، بەو واتایەی زمانەوانی

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

دەتوانێ رووناکی بخاتەسەر ئەو تاریکییە چرەی لەرووی واتاوە لە زماندا هەیە، بەمە (زمانەوانی) دەتوانێ رووناکی بخاتەسەر زۆر لە لایەنەکانی بیر و رۆشنبیریی و جیهانبینی بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو. بە بۆچوونی (وۆرف) زمان تەنها لەرێگەی ئەو دانە هۆشەکییە گۆڕاوە، کە بریتییە لە (واتا) دەتوانێ ئەم رۆڵە ببینێ، لەوانەیە هەر ئەم گرنگیدانەی (وۆرف) بە (واتا) بێ، ئەوی بەرەو تێگەیشتنی وردتر لە جیاوازیی نێوان زمانەکان لە بەرجەستەکردنی (هێمایی) مرۆڤ بۆ جیهان بردبێ.

**بیرۆکەی تیۆریەکە:**

بیرۆکەی تیۆرەکە بە کورتی بریتییە لەوەی (بیرکردنەوەی مرۆڤ رێژەییە، بەپێی ئەو شێوازانەی لە زمانە جیاوازەکاندا دەربڕین لە چەمکەکان دەکرێ)، یان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان، جیهان بەیەك شێوە نابینن و بە هەمان شێوە بیرناکەنەوە، بەڵکو زمان (بەتایبەتی زمانی دایك) وابەستەیان دەکا بە شێوەیەکی دیاریکراوی (تێگەیشتن) و (بیرکردنەوە) لە ژیان و دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی تێدا دەژین.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، نموونەی هەبوون و نەبوونی (کات ـ تێنس) بۆ دەربڕین لە شێوە جیاوازەکانی کات (رابردوو، ئێستا و داهاتوو) لە زمانە ئەورپییەکاندا (ئەوان ناویان لێناوە– زمانە ئەورپییە ستاندەرەکان– SAE) بەکارهێناوە، و لەگەڵ زمانی خێڵەکانی (هۆپی)ی هیندی لە ئەمریکای باکوور بەراوردکردووە، کە هیچ مۆرفیم و ئامرازێك، یان دانەیەکی زمانی نییە دەربڕین لە (تێنس و کات)ە جیاوازەکان بکا، هۆکاری ئەمە بۆ سروشتی خودی زمانەکە دەگەڕێننەوە، و پێیانوایە زمانی ئەم کۆمەڵگایەیە وایکردووە نەتوانن بیر لەو دیاردەیەی (تێنس و کات)ی رێزمانی بکەنەوە[(17)].

هەروها پێیانوایە، هەندێ دیاردە لە زمانەکاندا هەن، تێڕوانین و جیهانبینی مرۆڤەکان دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەمەش باس لە زمانی (ئەسکیمۆ) دەکەن، ئەم زمانە چەندین دەربڕین و (وشەی)ی تایبەتی تێدایە بۆ جۆر و شێوەکانی (بەفر و بەفربارین)، کە زۆر زیاترە لەو وشە و دەربڕینانەی بۆ هەمان مەبەست لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا هەن.

**کورتەی تیۆرەکە:**

کورتەی تیۆرەکە بریتییە لە (سستەمە رێزمانییە جیاوازەکان بەکارهێنەرانیان ئاراستە دەکەن بۆ جۆر و شێوەی جیاواز لە تێبینیکردن و هەڵسەنگاندنی رووداوە دەرەکییە هاوشێوەکان، بۆیە سستەمە جیاوازەکان یەکسان و هاوشێوە نابن لە تێبینیکردن و تێگەیشتن لە دەوروبەر، بەمەش جیهانبینی جیاوازیان دەبێ)[(18)].

بەم بۆچوونە، (وۆرف) ئەو بۆچوونە فەلسەفییەی هەژاند کە لەسەر بنەمای (تیۆری ئەرستۆیی) بنیاتنرابوو و بریتیبوو لە (یەکبوونی بیر

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

و هاوشێوەیی ئەزموونی هۆشەکی لای مرۆڤەکان)، بە پێچەوانەوە ئەو پێیوایە بیر و ئەزموونی هۆشەکی بەپێی ئەو سستەمە زمانییە دروست دەبێ کە لە کۆمەڵگەیەکی زمانی دیاریکراودا پەیرەودەکرێ. هەندێ لە لێکۆڵەران ناویان لەم بۆچوونەی (وۆرف) ناوە (ڤەبرێتی ـ حەتمیەتی ـ زمانی – Linguistic determinism)، کە پوخت دەکرێتەوە لە دەستەواژەی: (زمان بیرکردنەوە دەستنیشان دەکا)، لە پاڵ ئەویش بۆچوونی (رێژەیی زمان – Linguistic relativity) کە بریتییە لە (هەر زمانێك جیهانبینیەکی جیاواز بەرجەستە دەکا)، هاتەکایەوە.

گشت هەوڵ و لێکۆڵینەوەکانی (وۆرف) بۆ ئەوە بووە بیسەلمێنێ کە (زمان بیرکردنەوە دەستنیشان دەکا)، چونکە ئەمە دەبێتە بنەمای هەرە گرنگ و بنەرەتی تیۆری (رێژەیی زمان – Linguistic relativity).

**دیارترین ئە ژانرانەی (وۆرف) گریمانەکەی لەسەر بنیاتناوە:**

**1.** زمان سستەمە: بەمە (وۆرف) راستیەکی گرنگ و گەوهەری زمانی مرۆڤ دەستنیشان دەکا، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە دواتریش لەلایەن بونیادگەرەکان و بەتایبەتی (فریدینان دی سوسوێر)ەوە دووپاتکراوەتەوە، بەڵام لە رووی مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەکە جیاوازی لە نێوان بونیادگەرەکان و (وۆرف)دا هەیە. هەرچی (دی سوسوێر)ە، پێیوایە زمان (گەنجینەیەکە لەرێگەی بەکارهێنانەوە –Parole ـ لای ئەندامانی کۆمەڵگەیەك کە هەمان زمان بەکاردەهێنن دروست دەبێ، یان سستەمێکی رێزمانییە و لە مێشکی کۆمەڵێك مرۆڤدایە کە هەمان زمان بەکاردەهێنن)، لای (سوسوێر) سێ ئاست و تێروانین بۆ زمان هەیە، ١. **Le Langage** بە واتا گشتیەکەی زمان، ٢. **Le Langue** بە واتای زمانێکی دیاریکراو، وەکو زمانی ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی و...هتد، ٣. **La parole** بە واتای ئاخفتن دێت. کە مەبەستت لە یەکەمیان (زمان) بەشێوەیەکی گشتییە، دووەمیان (زمان)ی کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی مرۆڤ و سێیەمیان لەسەر ئاستی تاکە کەسێك. لای (سوسێر) زمان هۆنینێکی ـ نەسقێکی ـ هۆشەکییە لە مێشکی ئەندامانی کۆمەڵەیەکی زمانی دیاریکراو بە شێوەی سستەمێکی رێزمانی پارێزراوە. هەرچی (وۆرف)ە، بەهەمان شێوە پێیوایە کە زمان (هۆنینێکی هۆشەکییە)، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە (وۆرف) پێیوایە ناتوانین بگەینە ئەوەی کە لەپاڵ ئەم هۆنینە هۆشەکییە، (هۆنینێکی بیرکردنەوەش) هەبێ، یان هۆنینی ئاماژەپێکراو (مەدلول – **Signifie**) هەبێ، چونکە (وۆرف) پێیوایە کە هۆنینی بیرکردنەوەکانیش لەبنەرەتدا هەر بریتییە لە هۆنینی زمانی و هیچی تر، هەروەها روونتر دەڵێ: (پشتێنەی سستەمی زمانی هەر زمانێك، تەنها ئامرازێك نییە بۆ بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی (بیر)ەکان، بەڵکو ئەو پشتینەیە

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

(بیر)ەكانیش دروستدەكا و بەرنامە و ڕێبەری گشت چالاكییەكانی بیر و هۆشی مرۆڤ دەكا)[19]. بەمەش جیاوازیی نێوان زمانەكان لای (وۆرف) تەنها بریتی نییە لە فۆرم و بونیادیی ڕێزمانیدا، بەڵكو بریتییە لە جیاوازیی لە (سستەمی بیركردنەوە و هۆشەكی)، چونكە بەلای ئەوەوە دروستبوونی (بیر) پرۆسەیەكی سەربەخۆ نییە بە واتا كۆنەكەی پرۆسەی (عەقلی – **rational**)، بەڵكو بەشێكە لە ڕێزمانێكی دیاریكراو و كەم و زۆر و پەیوەندی بە سستەمە ڕێزمانییە جیاوازیانەوە هەیە. بەم شێوەیە دەبینین ئەم باوەڕەی (وۆرف) بەوەی زمان (هۆنینی بیر و هۆش)ە، بەرەو ئەوەی دەبا كە (بیركردنەوەكان جیاوازن وەكو چۆن زمانەكان جیاوازن). بەڵام ئەو چەمكەی لەلایەن (دی سوسێر)ەوە بەكارهێنراوە، بۆ ئەوەمان دەبا كە (زمان هۆنینێكی سیمۆلۆجییە)، بەو واتایەی كە (زمان) دەربڕین لە شێوەی ژیان ناكا، بەڵكو سستەمێكی خودیە و لەناوخۆیدا كار دەكا، هەرچی (وۆرف)ە، پێیوایە كە زمان دەربڕین لە شێوە و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیانیش دەكا.

2. زمان پۆلێنكردن و ڕیزبەندكردنە:

زمان بریتییە لە پۆلێنكردن و ڕیزبەندكردنی ئەو ئەزموونەی چالاكییەكانی مرۆڤ كە سستەمێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بەرهەمی دێنێ، واتە كاتێك مرۆڤ زمان بەكاردێنێ بۆ (ناونان، وەسفكردنی شت و ڕووداوەكان، پەیوەندیی، دەربڕین لە دۆخەكان و ...هتد)، ئەوە مرۆڤ بە كاری پۆلێنكردن و ڕێكخستنی ئەزموونی ژیانی خۆی هەڵدەستێ، لای ئەو (زمان) شارەزایی و چالاكیی مرۆڤەكان لە كۆمەڵگەیەكی دیاركراو پۆلێن و ڕیزبەند دەكا، بەم شێوەیە و لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەكانی (وۆرف)دا، زمان یەكسانە بە (زانین، تێڕوانین، جیهانبینی و ئایدۆلۆجیەتی)ی كۆمەڵگا و بە شێوەیەكی نەستەكی (لاشعوری) لە گشت چالاكییە كۆمەڵایەتییەكاندا بەكاری دەهێنێ. بۆ نمونە كاتێك (گورگ، سەگ، پشیلە و...هتد) بەم ناوانە ناونراون، ئەوە بەبێ ئاگایی (لاشعوری) پرۆسەیەكی پۆلێنكردن ئەنجام دەدرێ، بەوەی ئەم بوونەوەرانە لە یەكتر جیادەكرێنەوە و لە هەمان كاتدا پۆلێن دەكرێن لەژێر یەك كێڵگەی واتایی هەڵگری هەمان سیما كۆدەكرێنەوە، ئەم بەكارهێنانە زمانییە سادەیە، كە بریتییە لە پرۆسەی (ناولێنان) كردارێكی مەعریفی ئاڵۆزە. بۆیە (وۆرف)، پێیوایە كە (ئێمە بەپێی ئەو هێڵ و ڕەهەندانەی زمان بۆمانی دیار دەكا، شیكردنەوە بۆ سروشت دەكەین و .... ڕێكخستن و پۆلێنكردنی شت و ڕووداوەكان بەپێی ئەو هۆنینە زمانییەی كە لە هۆشدا هەن ئەنجام دەدەین)[20].

3. هاوشێوەیی زمان و هەڵسوكەوت:

(وۆرف) پێیوایە هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان هاوشێوەی (زمان) یان ئاخاوتنیانە، لەم لایەنەوە ئاماژە بە هەوڵەكانی (جێمس بێرن) دەكا و

بەتایبەتی لە کتێبی (بنەما گشتییە پێکهێنەرەکانی زمان ١٨٨٥)، (بێرن) لەم کتێبەیدا هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (زمان و شێوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان)ی داوە. لە چوارچێوەی ئەم بیرۆکەیەی (بێرن)دا، (وۆرف) تێڕوانینی خۆی بۆ رۆشنبیریی و کەلتوورێکی دیاریکراودا خستۆتەڕوو، بەوەی بریتییە لە (کۆکراوەیەکی وێکچوو)، هەروەها پێیوایە ئەو راهاتنە زمانیەی کە خاوەنی رۆشنبیریی و کەلتوورێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنن، بریتییە لە رێکخستنێکی گشتگیر و ئەو (کۆکراوەیە وێکچووە) پێکدێنێ و کۆنترۆڵی دەکا، بۆیەش پێیوایە کە ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوە بۆ رۆشنبیریی و کەلتوورێکی دیاریکراو بکەین، ئەوە باشترین ئامراز و رێگا (هۆنینە زمانییەکان)یەتی.

4.چەمکەکانی (کات و ڕووداو):

لای (وۆرف) ئەم دوو چەمکە لە گشت زمانەکاندا هاوشێوە نین، بەڵکو پشت بە سروشتی زمانەکان و گەشەکردنی ئەم چەمکانە تێیایاندا دەبەستێ، (وۆرف) ئەم بنەمایەی بە (رێژەیی چەمکەکان) ناوناوە و مەبەست لێی ئەو جیاوازییانەیە کە لە چەمکەکانی (کات ـ تێنس) و (ڕووداو)دا لە نێوان زمانەکاندا هەیە.

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا چەمکەکانی (کات – تێنس) گرنگی زۆری نییە لەچاو (ڕووداو)، بۆیە دەبینین چەمکی (رانەبردوو) بۆ کاتی (ئێستا و داهاتوو) بەکاردەهێنرێ، بەڵام بۆ کاتی (رابردوو) چەندین چەمکی جیاوازی هەیە (سادە، دوور، تەواو، خۆزگەیی و...هتد) و بۆ کاتی (داهاتوو)ش هیچ مۆرفیمێکی تایبەت و دیاریکراوی نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ زمانی کوردی ئەوەندەی گرنگی بە (ڕووداو) و ئەو لایەنەی (ڕووداو)ەکەی ئەنجامداوە دەدا، ئەوەندە گرنگی بە (کات و تێنس)ەکانی نادا. بەڵام لە زمانی (فەرەنسی)دا دەبینین زنجیرەیەکی فراوان و درێژ هەیە، نەك تەنها بۆ جیاوازیکردن لەنێوان کاتەکانی (رابردوو، رانەبوردوو، داهاتوو)، بەڵکو دەربڕین لە جیاوازیی رێژەیی نێوان کاتەکانیش دەکا. [21]

**گەشەکردنی تیۆری رێژەیی زمانی**

تیۆری (رێژەیی زمانی) لەسەر ئەم دوو بنەمایە دامەزراوە:

**یەکەم: جیاوازییە زمانییەکان رەنگدانەوەی جیاوازییە رۆشنبیرییەکانە و زمان تێڕوانینی بەکارهێنەرانی بۆ ژیان و جیهانبینی ئاشکرا دەکا.**

**دووەم: زمان رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە دروستبوونی (بیر)، تەنانەت (زمان) خودی (بیر)ە.**

گشت ئەو زمانەوان و لێکۆڵەرانەی لەبارەی تیۆری (رێژەیی زمانی)ەوە نووسیویانە، لە رەخنەگرتن، یان کەموزیادکردن و راستکردنەوە، بە دووری و نزیکی، یان قبوڵکردن و رەتکردنەوە ئەم دوو بنەما و گریمانانەی سەرەوە دەرنەچووینە، بۆیەش دەبینین بۆچوونی هەندێکیان هاوشێوە و

تەواوكەری بۆچوونەكانی (وۆرف)ن، و هەندێكیشیان تارادەیەك جیاواز لە (وۆرف) تەماشای بابەتەكەیان كردووە. لێرەوە تیۆرەكە دوو ئاراستەی جیاوازی بە خۆیەوە بینیووە، بەپێی دووری یان نزیكی، پشتگیری یان رەتكردنەوەی یەكێك لە بنەماكانی سەرەوە یان هەردووكیان بەیەكەوە، دەبینین شێوازی توندرۆیی (Extreme) و میانرۆیی (Mild)ی بەخۆیەوە بینیووە [22]، دواتریش دوو ئاراستەی جیاواز دروستبوون، كە بریتین لە: ئاراستەی بەردەوامی و ئاراستەی گۆڕاو.

**یەكەم: ئاراستەی بەردەوامی:**

دیارترین لێكۆڵەرەكانی ئەم ئاراستەیە بریتین لە (هاری هۆیگەر) و (مادلین ماسیۆت)، كە درێژەپێدەری هەمان بۆچوون و میتۆدی (وۆرف)ن:

a. بۆچوونەكانی (هاری هۆیگەر):

(هاری هۆیگەر) لە لێكۆلینەوەكانیدا كە لەبارەی (كار –**Verb**) لە زمانی (ناڤاهۆ – **Navaho**) نووسیویەتی، تێدا گرنگی بە (رووداو – **events**) یان (چالاكی – **eventings**) لە (كار)ەكانی ئەم زمانە داوە، و دابەشی سەر دوو جۆری كردووە، (كار)ە پۆزەتیڤەكان، كە بزاڤ و جوولەیان تێدایە، و (كار)ە بێلایەنەكان، كە پەیوەستدارن بە رووداو و چالاكی دیكەوە، بەم شێوەیە (هۆیگەر) بزاڤ و جوولە لە (كار)دا دەكاتە چەقی دابەشكردن و شیكردنەوەكانی، دواتریش باس لە پەیوەندی ئەم سیما زمانییە دەكا بە لایەنە جۆربەجۆرەكانی رۆشنبیریی (ناڤاهۆ)وە ، بەوەی كۆمەڵگەكەیان لە بنەڕەتدا كۆچەر و شوانكارە و گەرۆكن، بۆیەش گشت (بیروباوەڕ و خوداوەند و پیرۆزییەكان و قارەمانەكانیان و...هتد) بە شێوەیەكی بەردەوام لە جوولە و بزاڤدا بووە.

بەم شێوەیە (هۆیگەر) دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە (تێروانینی ناڤاهییەكان بۆ جیهان و ئاسۆی بیركردنەوەكانیان، لە ژێر كاریگەریی ئەم بزاڤ و جووڵانەوە بەرهەم دێ) [23] ، ئەم پرۆسەیە بە پەیوەندییەكی ئەركی و بونیادیی نێوان نەریتەكانی (زمان و بیر و كۆمەڵگا) ناو دەبا، هەروەها پێیوایە كە لە رێگەی ئەم پەیوەندییەی زمان و رۆشنبیریی نازمانی دەتوانین لە چۆنیەتی گۆڕینی بونیادی زمانەكان و هۆكارەكانی ئەو گۆڕانكارییانە تێبگەین، هەروەها دەتوانین پەیوەندی نێوان ئەو هەڵسوكەوتە ئاشكرایانەی مرۆڤ و هۆنینەوە رەمزییەكانی زمان تێبگەین. [24]

بۆیە (هۆیگەر) پێیوابووە تەنها بە لێكۆڵینەوە و تێڕوانین لە بونیادی زمان ناتوانین لە گشت لایەنەكانی (زمان) تێبگەین، چونكە هەندێ لایەن هەیە كە لە ژێر هۆشیاری و تێگەیشتنی مرۆڤەكانەوە حەشاردراون و دەكەونە ژێر كاریگەریی شێوازێكی زمان و ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا، لەبەر ئەمەش تەنها بە

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

وەسفكردنی بونیادی زمانەكانیان ناگەیینە راڤەكردنێكی گونجاو بۆ گشت كێشە و لایەنە شاراوەكانی زمان، بە تایبەتی لایەنەكانی جیاوازیی و گۆڕان و گەشەكردەنەكانی زمان، بەمە پێویستیمان بەوە دەبێ بچینە نێو میكانزمەكانی تێگەیشتن و وشیاری مرۆڤەكان كە لەرێگەی تۆرێكی هۆنینەوە رەمزییەكانەوە چالاكییەكانی ئەنجام دەدا و (زمان)یش یەكێكە لە گرنگترین و ئالۆزترین و كاریگەریترین ئەو هۆنینەوە رەمەزییانە، بەم شێوەیە (هۆیگەر) پەیوەندی نێوان (زمان) و (درك و وشیاری) مرۆڤەكان دەستنیشان دەكا[25] ، و لە ئەنجامیشدا دەبێتە پالپشت وتەواوكەری تیۆری رێژەیی[26].

b. بۆچوونەكانی (مادلین ماسیۆت):

هەرچی (مادلین ماسیۆت)ە، لە رێگەی دوو لێكۆڵینەوەی جیاوازەوە، هەولی داوە پەیوەندی نێوان (زمان) لەلایەك و (رۆشنبیریی و مەعریفە) لەلایەكی دیكەوە بدۆزێتەوە و ببێتە پالپشت بۆ تیۆری (رێژەیی زمانی)، لێكۆڵینەوەی یەكەم بریتییە لە (بەشەكانی ناو و پۆلێنكردنی میللی لە زمانی باباجۆ)دا [27]، كە تێدا لێكۆڵینەوەی لەبارەی جۆرەكانی (ناو) كردووە لە رووی (تاك، كۆ و هەند ـ كمیە ـ و بارستە)وە، ئاراستەی یەكەمی برتیبوو لە میتۆدی ( لە زمانەوە بۆ بیر و رۆشنبیریی)، بەو ئەنجامە گەیشتووە كە لە زمانی (باباجۆ)دا جیاوازیی لە نێوان ناو لە جۆرەكانی (كۆ و قەبارە) ناكرێ، ئەمەش دەبەستێتەوە بە دوو پێوەر كە ئەو ناوی لێناون (پێوەری دركپێككردن و پێوەری تێڕوانین) بەوەی بەكارهێنەرانی ئەم زمانە بە دركردن ناوەكان پۆلین دەكەن، بۆنموونە ئەم ناوانە لەم زمانەدا لە جۆری (هەند) پۆلێنكراون: (ئاو، هەویر، شەكر، خوێ، قوم و چگل، خۆڵ، بەفر و...هتد)، هەرچەندە بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان (هەند ـ كمیە) هەریەك لە (خوێ یان شەكر لەگەڵ (ئاو)دا هەیە، ئەمەش بەڕای (ماسیۆت) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دركردنی بەكارهێنەرانی ئەم زمانە ناتوانێ جیاوازی لە نێوان ڕادەی (تێكەلاوی ـ تجانس)ی نێوان بەشە پێكهێنەرەكانی (ئاو و شەكر)دا بكا، بۆیەش ناتوانێ (پێوەری تێڕوانین) بەكاربهێنێ لە پۆلێنكردنەكانی[28].

لێكۆڵەر لە پۆلێنكردنی هەردوو جۆرەكەی دیكە (تاك و كۆ)دا ناگاتە هیچ بنەما و پێوەرێكی دیاریكراو، ئەم نموونانە بەكاردەهێنێ (غەزال، كۆتر) و (ئاسك و سمۆرە) كە لە زمانی (باباجۆ)دا دووانی یەكەم ناوی (تاك)ن و ئەوانەی دووەم ناوی (كۆ)ن، (ماسیۆت) لەم نموونانەدا پرسیار دەكا كە ئایا بۆچی (غەزال و كۆتر) لەم زمانەدا لە جۆری تاك پۆلێنكراون و (ئاسك و سمۆرە) لە جۆری كۆ پۆلێنركاون؟

دواتر (ماسیۆت) ئاراستەی میتۆدی دەگۆڕێت بۆ، لە (رۆشنبیرییەوە بۆ زمان)، لەم ئاراستەیەدا لێكۆلەر رووبەڕووی كۆسپێك دەبێتەوە كە ئەویش

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

بریتییە لەو ژمارە بێ کۆتاییەی پۆلێنکردنەکان بەپێی ڕۆشنبیریی بۆ ناوەکان، بەمەش ڕووبەڕووی کێشەی دەستنیشانکردنی نموونەکان دەبێتەوە، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ناوی (ئاژەڵ)دا، ئەوە ئەم دابەشکاری و پۆلێنکردنانە لەبەردەم خۆی دەبینێ:

**ـ ئاژەڵی دڕندە بەرامبەر ئاژەڵی ماڵی.**

**ـ ئەو ئاژەڵانەی بۆ گواستنەوە و بار بەکاردەهێنرێن بەرامبەر ئەو ئاژەڵانەی لە ئەفسانەکاندا هەن.**

**ـ ئەو ئاژەڵانەی بەرهەمەکانیان بۆ خواردن بەکاردەهێنرێن بەرامبەر ئەو ئاژەڵانەی کە بەرهەمەکانیان بۆ خواردن بەکارناهێندرێن.**

بۆیە، (ماسیۆت) دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بەم پۆلێنکردنانەش ناتوانێ ئەنجامێك بە دەستبهێنێ و ناتوانێ لە پەیوەندی نێوان (زمان و بیر) ڕاڤەکردنێکی زانستییانە پێشکەش بکا. لە کۆتاییدا پەنا بۆ ئاراستەی سێیەم دەبا کە بریتییە لە (پۆلێنکردنی میللی – Folk taxonomy) ولەم بارەیەوە پشت بە پێناسەکەی (کۆنکۆلن) دەبەستێ، کە پێیوایە (پۆلینکردنی میللی) بریتییە لە: (پۆلێنکردنی ناسنامەکان لە چوارچێوەی ئەو وەسفکردنە دابەشکارییەی کە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو پێی دەبەخشێ، نەك درککردن و هەستپێکردنی هاوبەشی مرۆڤەکان) [29]. بەمەش جەخت لەسەر تایبەتمەندیی ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان دەکاتەوە.

(ماسیۆت)، لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیدا بەناونیشانی (بوارە واتاییە مەعریفییەکانی زمان)، گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە هەردوو لایەنی (واتایی و مەعریفی) پەیوەندی پتەویان بە تایبەتمەندییەکانی (زمان) و (بیر و ڕۆشنبیریی)ەوە هەیە، بە ڕادەیەك کە هیچ بوار بۆ گشتگیری ناهێڵێتەوە [30].

**دووەم: ئاراستەی گۆڕاو:**

لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە لێکۆڵینەوە و بۆچوونەکانی هەریەك لە (فیور – Feur) فەیلەسوفی کۆمەڵناسی و (ئیریك لێنبێرگ – E.Lenneberg)ی پسپۆڕ لە زمانەوانی بایلۆجی بکەین.

**a.بۆچوونەکانی (فیور – Feur):**

پوختەی بۆچوونەکانی (فیور) بریتییە لە : (پشت بەستن بەبنەما سەرەتاییەکانی بوونی مرۆڤ، ناتوانین پێشبینی بکەین کە بەکارهێنەرانی زمانە جیاوازەکان و هەڵگرانی ڕۆشنبیرییە جوداجوداکان ڕێگای جیاواز بۆ تێگەیشتن و درکپێکردنی (شوێن، کات، هۆکار و ژانرە جۆربەجۆرەکانی سروشت) بەکار دەهێنن، چونکە درککردن و تێگەیشتن لە گشت ئەم ژانرانە پێویستن بۆ بەردەوامی ژیان) [31] (Carrol,J:1956. P28). بەم بۆچوونەی لایەنگیری ئەوە دەکا کە مرۆڤەکان لە تێگەیشتن و درکپێکردنەکانیاندا بۆ ژانرەکانی سروشت هاوبەشن، چونکە ئەو یاسایانەی ئەم ژانرانە لەسەری دروستبووینە هەمان یاسان و هاوبەشن، بۆیەش ناتوانن جیاوازی ڕۆشنبیریی دروست بکەن. بەمە (فیور) پێیوایە کە ئەو بۆچوونەی باوەڕی بەوە

هەیە کە (زمان) درککردن و رۆشنبیرییە جیاوازەکان دروست دەکا، نەسازە لەگەڵ سروشتی درککردنی مرۆڤایەتی گشتگیر کە یەکێکە لە سیماکانی مرۆڤبوون وەك زیندەوەرێك.

بەڵام، ئەو رەخنانەی لەم بۆچوونەی (فیور) گیراوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە کێشەی بنەرەتی لێرەدا هەبوون و نەبوونی (درکپێکردن) نییە، چونکە (درککردن) سیمایەکی دانەبڕاوە بە هەر زیندەوەرێکەوە، تەنانەت ئەو زیندەوەرانەش کە (زمان)یان نییە، بەڵکو کرۆکی بابەت و بۆچوونەکەی (وۆرف) لە (تیۆری ڕێژەیی)دا بریتییە لەوەی کە (جیهانبینی) و (درکپێکردن) لە کەلتوور و رۆشنبیرییەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و نەریت و قاڵبە زمانییەکانی هەر یەکێك لەو کەلتوورە جیاوازانە، تارادەیەکی زۆر بەشدارە لە پێکهێنانی ئەو جیاوازیەی نێوانیان.

بۆ نموونە، درککردن و تێگەیشتن لە دیاردە و چەمکی (جمك) لە کەلتوور و رۆشنبیرییەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، وەکو ئەوەی لای خێڵی (نوێری) لە باکووری ئەفریقیا، ئەم دیاردە بە شێوەیەکی جیاواز درکی پێدەکەن، بۆیەش بە شێوەی جیاواز دەریدەبڕن و (جمك)ەکان بە (باڵندە) ناو دەنێن، لەم دەربڕینەوە تێدەگەین کە درککردن و جیهانبینی ئەم خێڵە بۆ ئەم دیاردە مرۆڤی و سروشتییە گشتییە، تایبەتە بەخۆیان، هەرچەندە لە رووی سروشتییە دیاردەیەکی گشتییە، (نوێرییەکان) بەم دەربڕینەیان مەبەستیان ئەوە نییە کە (جمك) و (باڵندە) لە هەمان ژانرن، بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە کە (جمك)ەکان پاداشتی (خودا)ن بۆ مرۆڤ و لەو روحەوە هاتوون کە لە ئاسماندایە و (ئاسمان)یش وڵات و مەملەکەتی باڵندەکانە. [32]

b. بۆچوونەکانی (ئێریك لێنبێرگ – E.Lenneberg):

پوختەی بۆچوونەکانی (لێنبێرگ) لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە رەگەزی مرۆڤ بە شێوەی غەریزی و بەپێی پێکهاتە بایۆلۆجیەکەیەوە، پێدراوە هەستەوەرییەکانی (Sensory data) ڕێکخستووە، ئەم ڕێکخستنەش بەپێی دوو پرۆسەی هاوتەریب ئەنجام دەدەرێت، کە بریتین لە: جیاوازی یان جیاکردنەوە (discrimination or differentiation) و بەستنەوە و گواستنەوە (interrelating or transformation)، بەم دوو پرۆسەیە، پرۆسەی دروستبوون و پێکهێنانی (چەمکەکان) لای مرۆڤ دەستپێدەکا. [33]

(لێنبێرگ) پێیوایە، کە ئەو چالاکیە زمانییەی پێی دەگوترێ (ناولێنان – naming) تایبەتمەندییەکی مرۆڤایەتییە و لەرێگەیەوە ئەو پێدراوە هەستەوەریانەی لە دەوروبەریەوە هەن، بۆ جۆر و پۆلی جیاواز ڕێکدەخا، هەروەها پێیوایە کە ئەم دەوروبەرە سروشتییە لە گشت زمانەکاندا بە هەمان شێوە دەربڕینی لێدەکرێ، ئەویش وەك

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

پێویستییەك بۆ ئەو ڕێکخستنەی کە لە خۆزایی ـ غەریزەی ـ بایۆلۆجی مرۆڤەکاندا هەیە [34]

لەلایەکی دیکەوە (لێنبێرگ) پێیوایە، کە مەرج نییە (زمان) بەتەنها ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبێ لە ناونانی (چەمکەکان)، هەروەها نەبوونی هاوسەنگی تەواو لە نێوان دوو (زمانی) جیاوازدا لە کاتی وەرگێڕاندا، بەڵگە نییە لەسەر تایبەتمەندیی ڕەهای هەر زمانێك، چونکە دەوروبەری سروشتی مرۆڤ بە هەر زمانێك بێ دەربڕینی لێدەکرێ، بەڵام ئەوەی جیاوازییە لە نێوانیاندا بریتییە لە (ئاماژە – **reference**) یان شێواز و دەربڕینە میتافۆرییەکانیان. [35] بەمەش پێیوایە کە زمانەکان لە ئاستی (فۆرم – **outer forms**) جیاوازن و لە ئاستی (ژێرەوە – **underlying type**) هاوبەش و یەکسانن.

ئەم بۆچوونانە هێشتا ناتوانن شیکردنەوەی گشت ئەو جیاوازییە زمانیانە بکەن کە لە نێوان زمانەکاندا هەیە، و ناشکرێ گشت ئەو جیاوازیانە بخرێتە پەراوێزی شیکردنەوەکانەوە، یان تەنها بەوە ڕاڤەبکرێ کە بریتییە لە شێوە و ڕێگای جیاوازی دەربڕین و ڕوانگەی جیاوازی درکپێکردن. ئەم ڕاڤەکردنانە هیچ ڕۆڵێك بۆ جیاوازی کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکان و تایبەتمەندییەکانی (زمان) جێناهێڵێ، چونکە ئەگەر بابەتەکە تەنها هەندێ جیاوازی سادە و ڕووکەشی ئاستی دەربڕین بوونایە، ئەوە پێشبینی ئەو هەموو جیاوازیی و تایبەتمەندییە ڕۆشنبیریی و جیهانبینی و تێڕوانینە فراوانەی نێوان بەکارهێنەرانی زمانە جیاوازەکان نەدەکرا.

بۆ ئەوەی لەم گفتوگۆیە باشتر تێبگەین و نیزیکتر ببینەوە لە ڕاستی، نموونەی درککردن بە چەمکی (درێژی) و (گول) و (**tall** و **long**)، لە نێوان هەرسێ زمانی (کوردی، ئینگلیزی و عەربی) دەخەینەڕوو:

چەمکی (درێژی) پەیوەندیەکی ڕاستەخۆ و پتەوی بە ڕەهەندێ ئەندازەیی (ستوونی – عمودی)ەوە هەیە نەك (ئاسۆیی – أفقی)یەوە.

بۆ نموونە سستەمی زمانی ئینگلیزی ڕێگا نادا چەمکی درێژی بەم دەستەواژەیە دەربڕینی لێبکرێ (**a tall cigarette**)، چونکە بناغەی پێوانەیی لەم دۆخەدا (ئاسۆیی– أفقی)یە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا جیاوازی لە نێوان ئەم دوو چەمکە (ئاسۆیی و ستوونی) بۆ چەمکی (درێژی) ناکات، وەکو ئەوەی لەگەڵ چەمکی (کات – **time**)یش بەکاردەهێنرێ.

**ـ لەزمانی عەرەبیدا (زمن گویل) بەکاردەهێنرێ.**

**ـ بەڵام لە زمانی ئینگیلزیدا دەستەواژەی (a tall time ) بەکارناهێنرێ، بەڵکو (a long time ) بەکاردێنێ.**

**ـ هەروەها لە کوردیدا (کاتێکی درێژ) بەکارناهینرێ، بەڵکو (کاتێکی زۆر / کەم) بەکاردەهینرێ.**

**بەڵام لەگەڵ (تەمەن ـ ژین) بەکاردەهێنرێ، وەکو (تەمەن درێژی بی).**

هەروەها هەندێ نموونەی دیکە کە جیاوازی کەلتووری و درککردن و تێگەیشتن لە نێوان زمانە جیاوازەکان بەرجەستە دەکا.

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

چەمكی (تەنگ – چیق)، لە زمانی كوردیدا بە چەندین وشە دەربڕینی لێدەكرێ وەكو (تەسك، باریك، تەنگ و تروسك و...هتد). وەكو لەم رستانەدا:

(جادەیەكی تەسكە، كۆلانێكی باریكە، پشیی تەنگە، تەسك و تروسك ـ لەبار و قەدباریك ـ)

لەكاتێكدا لە زمانی عەرەبیدا، ئەم چەمكە (چیق) بە چەند وشەیەكی زیاتر دەربڕینی لێدەكرێت، وەكو لەم دەستەواژانەدا هاتووە:

(مكان ضيق، معيشة ضنكا، طريق لزب، جوف زقب، واد نزل).

یان هەندێك چەمكی دیكە كە لە گشت زمانەكاندا هەن، بەڵام دیسان لە نێوان زمانەكاندا، دركپێكردن و تێگەیشتن لێیان جیاوازە، وەكو چەمكی (رۆژ – خۆر)، بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسیدا بە شێوەی (le soleil) و بە رەگەزی نێر هاتووە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بە (شمس) و بە رەگەزی مێ هاتووە، لە كاتێكدا لە زمانی كوردی و لە دیالێكتی باكووریشدا بە مێ دێت (رۆژا مە هات). رەنگە ئەمە بۆ جیاوازی چوارچێوە رۆشنبیرییەكان بگەرێتەوە، چونكە چەمكی (رۆژ) لە ئەفسانە و بیروباوەڕە كۆنەكانەوە پەیوەندی بە چەمكی (دایكایەتی) هەبووە و وەكو خوداوەندی (دایك) تەماشا كراوە.

یان چەمكی (كات) لە زمانی كوردی و ئینگلیزیدا لە روانگەی ستوونییەوە دركپێدەكرێ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بەهەردوو روانگەی (ئاسۆیی و ستوونی) دركپێدەكرێ و جیاوازیی لە نێوانیان ناكا. ئەم جیاوازییانە بۆ چوارچێوە و میكانزمی دركپێكردن و رەنگدانەوە و وەڵامدانەوەی لە زماندا دەگەرێتەوە، كە لە تیۆری (رێژەیی زمانی)دا راڤەكردن و شیكردنەوەی زانستییانەی بۆ دەكا. ئەمە ئەوە دەگەێنێ كە ئەو (جیهان و گەردوون)ەی تێیدا دەژین بەپێی تێگەیشتن و دركپێكردنی مرۆڤ (ئێمە) دروست بووە، نەك بەپێچەوانەوە كە هەموو شتێك هەبێ و ئینجا ئێمەی مرۆڤ بەپێی پێویستی و بە یەكسانی بەكارمان هێنابن.

ئەمە بەو واتایە دێ، كە جیهان بەپێی دركپێكردنی مرۆڤ دروستبووە و لە كۆمەڵگە جیاوازەكاندا لە چوارچێوەی ئەو رێگایانەی دركی پێدەكەن بەرجەستە دەبێ و، ئەگەر بەم شێوەیە نەبووایە ئەوە دركپێكردنی مرۆڤەكان لە ژینگەیەكەوە بۆ یەكێكی دیكە، یان لە كاتێك بۆ كاتێكی دیكە جیاواز نەدەبوو، و هەر تاك و كۆمەڵگەیەك ئەوەندە درك بە شتەكان دەكا كە لە توانایدا هەیە و دەتوانێ لە رووی دەروونی و كۆمەڵایەتییەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكا.

ئەم نموونانەی سەرەوە تایبەتمەندییەكی گشت زمانەكان دەسەلمێنن كە بریتیە لەوەی هەر هەموویان پەیوەستن بە باكگراوندێكی رۆشنبیریی، هەردووكیان (زمان و رۆشنبیریی)یەكە جووت و هاوشانن و كاریگەرییان لەسەر یەكدی هەیە، بەو

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

واتایەی کە رۆشنبیریی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بژیوی ( تەغژیەی) زمانەکەی دەدا و بە تێپەربوونی کات هەندێ تایبەتمەندیی بەو زمانە دەدا کە رەنگدانەوەی پێشینە کەلتووری و رۆشنبیریەکەیە، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە لێی بروانین، ئەوە بەرەو ئەوەمان دەبا کە (زمان) هەندێ شێواز و دەربڕین و ئامراز بەرهەمدێنێ کە لەرێگەیەوە بژیوی (بیر) دەدا.

**شیکردنەوەی (د. کۆپێر – D.Cooper) بۆ جیاوازی چەمکەکان:**

(د.کۆپێر – D.Cooper) لە هەوڵێکیدا بۆ راڤەکردنی ئەم کێشە میتۆدیە لە رێگەی دوو بیرۆکەوە، کە پێیوایە چارەسەری جیاوازیی چەمکەکان لە نێوان کەلتوور و رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا خستۆتەڕوو، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم**: چەمکەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازنین تا ئەو کاتەی ئەو کۆمەڵە دەربڕینانەی بۆ چەمکەکان بەکاردەهێنرێن، سەر بە بازنەیەکی کۆمەڵە دەربڕینێکی جیاواز و فراوانتربن.

**دووەم**: چەمکەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازن ئەگەر پێشینە مەجازی و رەوانبێژییەکانیان جیاوازبن[36].

بۆ روونکردنەوەی زیاتری بۆچوونەکەی (کۆپێر)، بەراوردی چەمکەکانی (رۆژ ـ هەیڤ) لە نێوان زمانەکانی (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و فەرەنسی)دا دەکەین. هەوڵ دەدەین لەم خشتەیەدا بەکارهێنانەکانی ئەم چەمکانە و جیاوازییەکانیان بخەینەڕوو:

| چەمک زمان | دەربڕین لە (تەن)ێکی سروشتی | دەربڕین لە کات | دەربڕین لە کات (تێنس) | دەربڕین لە ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردی | رۆژ ـ هەیف (مانگ) | - رۆژ، ئەمرۆ هەیڤەک،مانگێک مانگانە، هەیڤانە | دوێنێ، سبەی، دووسبەی. ئەم هەیڤە، مانگی رابردوو | رۆژێک، دوو رۆژ، حەفتەیەک، هەیڤەک، دوو مانگ | رۆژ و مانگ (هەیڤ) وەکو تەنی سروشتی لە دەربڕین لە کات و ژمارە دووبارەبۆتەوە |
| ئینگلیزی | Sun- Moon | Day\ today- One month \ monthly | Yesterday, tommorrow, the day after tommorrow – this month. Last month | One day – two days – one week – two months | Sun تەنها بۆ تەنی سروشتی رۆژ بەکار دێ، بەڵام month — دووبارەبووتەوە |
| عەرەبی | شمس ـ قمر | یوم، الیوم ـ شهر، شهریا | البارحه، غدا، بعد غد. هژا الشهر، الشهر الماچی | یوم، یومین، اسبوع، شهر، شهرین | هیچکامیان نە (شمس و قمر) لە دەربڕینەکانی کات و ژمارە دووبارە نەبوونەتەوە |
| فەرەنسی | Le soleil - Lune | Jour- aujourd'hui- mois- mensuel | Hier- demain- après-demain – ce mois-ci- Le mois dernier | Un jour - deux jours - la semaine - deux mois | Le soleil – Lune، تەنها بۆ تەنی سروشتی بەکاردەهێنرێن و لەگەڵ چەمکەکانی کات و ژمارە دووبارە نابنەوە |

خشتەی (١): - نمونە بۆ شیکردنەوەی (د. کۆپێر – D.Cooper) بۆ جیاوازی چەمکەکان

**تیۆری پیاجیە (Jean Piaget):**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

ئەم تیۆرە پێچەوانەی (تیۆری ڕێژەیی زمانی)یە، كە پێشینە دەداتە زمان، خاوەنی ئەم تیۆرە گرنگی بە قۆناغەكانی گەشەكردنی (زمان) و (بیركردنەوە) لەلای منداڵ داوە، پێیوابووە كە (زمان) ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی (بیركردنە)یە، و یەكەم چالاكی (سیمبلی – ڕەمزی)یە لە (مێشكی) (منداڵ)دا، ئەو پێیوابووە، كە (زمان) كاریگەریی

منداڵ لە دەستەواژە و دەربڕینێك تێبگا ئەگەر پێشتر چەمكەكەی تێنەگەیشتبێ، نموونەی هەندێ وشە و دەربڕینی وەكو (دارایی، بنەماكانی یاری و پێزانینی چاكە) دەهێننەوە، كە ئەگەر چەمك و تێگەهی ئەم دەربڕینانە نەزانن، تێشیانناگەن. لە كۆتاییشدا دەگەنە ئەوەی كە (زمان و بیر لە زنجیرەیەكی بۆماوەییدا بەیەكەوە بەستراونەتەوە).

**تیۆری ڤیگۆتسكی - Vygotsky:**

بە تیۆری (ڕەگ و ڕیشەی زمان و بیركردنەوە)ش ناسراوە، تیۆریەكە لەسەر دوولایەنی زمان بنیاتنراوە، یەكەم وەكو ڕەنگدانەوەی بیركردنەوەی كەسیی (ئاستی ناوخۆیی) و دووەم وەكو ئامرازێك بۆ بەهێماكردنی بیركردنەوە و گواستنەوەی بۆ دەوروبەر (ئاستی دەرەكی). ڤیگۆتسكی پێیوایە كە (زمان) و (بیر) لە قۆناغی منداڵیدا بەشێوەی جیا و سەربەخۆ گەشە دەكەن، هەوڵە یەكەمەكانی منداڵ بۆ بەكارهێنانی وشە و دەربڕینەكان وەكو هەوڵی (بە كۆمەڵایەتی بوون) وەسف دەكا و پێیوایە، كە ئەم هەوڵانە

لەسەر (بیركردنەوەی ڕەمزی) هەیە لای منداڵ ، هەروەها باس لە ڕۆڵ و كاریگەریی (تێگەیشتن) دەكا و پێیوایە ڕەگ و ڕیشەی قوڵتری لە (بیركردنەوە) هەیە و پەیوەستە بە كاردانەوەكانی منداڵ و بەكرداری (هۆشەكی)یەوە پێچراوە [37].

لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەو باوەڕەدان كە ئەستەمە

(بیركردنەوە) و (وتاری دەرەكی) لەگەڵدا نییە. هەروەها پێیوایە منداڵ لەم قۆناغەدا بە هەندێ ڕێگە و شێوەی سەرەتایی هەوڵی بیركردنەوە لە شت و ڕووداوەكانی دەوروبەری خۆی دەدا بێ بەكارهێنانی زمان، بۆیە (زمان)ی منداڵ لەم قۆناغەدا كورت دەبێتەوە لە ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان و بیركردنەوەی بەبێ (زمان) لەلا پەیدا دەبێ [38]

(ڤیگۆتسكی) لەگەڵ (پیاجیە) هاوڕایە كە (بیركردنەوە) لە قۆناغە یەكەمەكانی بەشێوەی سەربەخۆ و جیا لە زمان گەشە دەكا و پشت بە (هەستە جوڵاوەكانی –Sensori –Motor ) دەبەستێ، بەڵام جیاوازییش لەنێوانیاندا هەیە، لەوەی (ڤیگۆتسكی) پێیوایە زمان لە دوای تەمەنی دوو ساڵیدا ڕۆڵی سەرەكی و كاریگەر دەبینێ لە گەشەكردنی (هۆشەكیی و بیركردنەوە)، كە ئەویش وابەستەیە بە گەشەكردنی كۆمەڵایەتی.

**هەڵسەنگاندن و بەراوردی نێوان تیۆرەكان:**

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

لە وردبوونەوە لە تیۆر و بۆچوونەكان، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە هەر یەكێك لەم تیۆر و بۆچوونانە لە روانگەیەكەوە دەروانە ئەو پەیوەندییە ئالۆزەی لە نێوان (زمان و بیر)دا هەیە، بەشێوەیەكی گشتیی، سێ میتۆدی تارادەیەك جیاواز بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە گەلاڵە دەبن، بەم سێ ئاراستەیە:

1. **(بیر) شێوە و ئاستی گەشەكردنی (زمان) دەستنیشان دەكا.**
2. **(زمان) شێوە و ئاستی گەشەكردنی (بیر) دەستنیشان دەكا.**
3. **هەریەك لە (زمان) و (بیر) رەگ و ریشەی سەربەخۆیان هەیە لە گەشەكردن و بە هەردووكیانەوە گەشەكردنی (هۆشەكیی) و (جڤاكیی) دەستنیشان دەكەن.**

**یەكەمیان**، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە كاربەرایی و رۆڵی سەرەكی نادەنە (زمان)، بەڵكو وەكو ئامرازێكی (بەهێماكردن و گوێزەرەوە)ی (بیر) و ئاسانكردنی قۆناغەكانی گەشەكردنی (مەعریفی) لای مرۆڤ لێی دەڕوانن، هەروەها پێیانوایە (زمان) بەتەنها ناتوانێ ئەم گەشەكردنە (مەعریفی و بیركردنەوە) بەدیبێنێ.

**دووەمیان**، كاربەرایی دەداتە (زمان) و پێیوایە كە زمان دەبێتە هۆی گەشەكردنی (بیر)، لایەنگرانی لەو باوەڕەدان كە پۆلێنكردنی (شت) و (بیر)ەكان لە رێگەی چەمكە زمانییەكانی هەر (زمان)ێكەوە بۆ نەوەكان دەگوازرێتەوە، بۆیەش پێیانوایە ئەگەر (زمان) نەبوایە هەرگیز (بیر) پەیدا نەدەبوو و گەشەی نەدەكرد، هەروەها دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن كە زمان كۆنترۆڵی چالاكییە هزرییەكان (بیر) دەكا.

هەرچی سێیەمیانن، باس لە تێكەڵبوونی هەردوو چالاكی (ناوخۆیی و دەرەكی) زمان دەكەن، كە لە قۆناغەكانی سەرەتاییدا پەیوەندییان بەیەكەوە نییە، بەڵام دوای ماوەیەكی دیاریكراو، (بیركردنەوەی ناوخۆیی) و (وتاری دەرەكی) بەیەك دەگەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی (زمان) رۆڵی بەهێز و سەرەكیی لە گەشەكردنی (هزریی) و (جڤاكیی)دا ببینێ.

## ئەنجام:

### بەكورتی لەم لێكۆڵینەوە گەیشتنە ئەم ئەنجامانە:

**1.** (زمان و بیر وابەستەی یەكدین، (بیر) لە بنەڕەتدا بریتییە لە ئاخفتنێك كە لە پشت دەنگەكانەوە خۆی حەشارداوە، یان ئەو ئاخفتنەیە كە لە (زهن و هۆشی) مرۆڤدا هەیە نەك لە دەنگەكانیدا، مرۆڤ ناتوانێ بە بێی (زمان) بیربكاتەوە. (بیر) كاریگەریی لەسەر سروشتی زمان هەیە و (زمان)یش كاریگەریی لەسەر سروشتی (بیر) هەیە، چونكە كاتێك مرۆڤ لەدایك دەبێ، لە چوارچێوەی كەلتووری كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو و بە پشت بەستن بە زمان و دانە فەرهەنگییەكانی ئەو كۆمەڵگەیە (بیر)ی نوێ فێردەبێ و وەردەگرێ.

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی و كومەلناسی)، بپ 172- 194، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

2. جیاوازی لە تێڕوانین بۆ پێگە و ڕۆڵی (زمان) لە نێوان ئەنسرۆپۆلۆجی و کۆمەڵناسەکاندا هەیە، هەرچی ئەنسرۆپۆلۆجییەکانن، پێیانوایە کە زمان ژانرێکی سەرەکییە لە پێکهێنەرەکانی رۆشنبیریی کۆمەڵگەکان، بۆیە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا لێکۆڵینەوەیان لە زمان کردووە، بەڵام کۆمەڵناسەکان پێیانوایە کە زمان ئەدگارێکی جێگیرە و لە گشت کۆمەڵگەکاندا هەمان بوونی هەیە، بۆیەش نەیانتوانیووە لە ڕادەی کاریگەرێتی زمان لە چالاکی و ر ووداوە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەن.

3. (زمان) ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر کۆی گشتیی ڕۆشنبیریی بەکارهێنەرانی، بۆیە (زمان) تەنها ئامرازێکی پەیوەندی و گواستنەوەی (بیر) نییە، بەڵکو ڕێگایەکیشە بۆ ئاراستەکردنی (درککردن، تێڕوانین و تێگەیشتن)ی بەکارهێنەرانی، هەروەها ئەو ڕێگانەش پیشانی بەکارهێنەرانی دەدا، کە لەڕێگەیەوە شارەزایی و توانای (بیرکردنەوە)یان فراوان بکەن و بیگوازنەوە بۆ هێما و ڕەمزی زمانی.

4. (زمان) واقع و زمانحاڵی (بیرە)، یان گەوهەری (بیر) بە زمان بەرجەستە دەبێ، و هیچ (بیرکردنەوە)یەکیش لە دەرەوەی زمان نییە، پەیوەندی پتەوی نێوان (بیر و زمان) وای کردووە (بیر) پشت بە (زمان) ببەستێ، بۆیە لەو باوەڕەداین کە مرۆڤ نەیدەتوانیێ ڕەهەند و لایەنەکانی (بیر) کۆبکاتەوە ئەگەر (زمان) نەبووایە، بەمە (زمان) دەبێتە کەرەسەی خاوی (بیر).

## پەراوێز

(1) Arens.H: 1984.p21.
(2) Carrol,J:1956. p48.
(3) سورة الرحمن: سورة 55: آية4.
(4) سورة الشمس : سورة 91: آية8.
(5) Carrol,J:1956. P76.
(6) Carrol,J:1956. P77.
(7) Carrol,J:1956. P77
(8) Brown.R: 1967.pp 64 -65.
(9) 1974 .p26 Land,S.
(10) 1979 .p 175 Robins,R:,
(11) p158 Boas,F.: 1967.
(12) Carrol,J:1956. P212.
(13) Gligli,P.: 1972. P10.
(14) 1964) .p 119 Hymes, D.(:
(15) Subbiondo, J. L. : 2005.pp 149–156.
(16) Carrol,J:1956. P73.
(17) Dinwoodie, David W. : 2006. P:38.
(18) Carrol,J:1956. P22.
(19) .Carrol,J:1956. P212.
(20) Carrol,J:1956. P55.
(21) . فندریس.ج، اللغة، ١٩٥٠، ص ١٣٥).
(22) ,1972 .p 13 Penn,J.:.
(23) Hymes,D.: 1964, p146.
(24) Hymes,D.: 1964, p148.
(25) ئەم لێکۆڵینەوانەی هۆیگەر بۆ ساڵی ١٩٥١ دەگەڕێنەوە، تێیدا گرنگی بە پەیوەندی نێوان زمان و هۆشیاری و رۆشنبیریی داوە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی خستنەڕووی کەموکوڕیەکانی میتۆدی وەسفی داوە لەو سەردەمەی کە بە (قۆناغی بلۆمفیلدی) ناسراوە، دواتریش ئەم بنەمایانە دەبنە دوو بناغەی سەرەکی بۆچوونەکانی (چۆمسکی) لە زمانەوانی نوێدا، بەڵام لای (چۆمسکی) ئاراستە و میتۆدی جیاوازی گرتووە، بەوەی هێزی مەعریفی و هۆشیاری مرۆڤەکان هاوشێوە و یەکسانن،

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8

بۆیەش لێکۆڵینەوە و بۆچوونەکانی بەو ئاراستەیەن کە ڕێزمانێکی سەرتاپایی بۆ گشت زمانەکان هەیە.

(26) Harman, G.: 1982, p27-33.
(27) Hymes,D.: 1964, p145.
(28) Hymes,D.: 1964, p155.
(29) Hymes,D.: 1964, p156.
(30) Mathiot, M.: 1970, p253.
(31) Carrol,J:1956. P28.
(32) أحمد أبو زيد: حضارة اللغة، ١٩٨٤، ص ٣٠.
(33) 1967) .p 331 Lenneberg, E.(:,
(34) 1967) .p 333 Lenneberg, E.(:,
(35) 1967) .p 356 Lenneberg, E.(:,
(36) 1973) .p.117 Cooper.D .(:.
(37) Piaget,J.: 1968 .p31-34.
(38) Alex Kozulin: 1986. Pp19 -23.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- أحمد أبو زيد: **حضارة اللغة**، الكويت، مجلة عالم الفكر، المجلد الثانى، العدد الأول، سنة ١٩٨٤.
- أحمد عبدالرحمان حماد، **العلاقة بين الفكر و اللغة (دراسة للعلاقة اللزومية بين الفكر و اللغة)**دار المعرفه الجامعية، ٤٠ شارع شوتر، الأزاريگه – الأسكندريه، مصر ، ١٩٨٥.
- ديريك بيكرتون، **اللغة و سلوك الانسان**، ترجمة د. محمد زياد كبة، النشر العلمي و المطابع، جامعة الملك سعود، ٢٠٠١.
- حسين فهيم، **قصة الأنثروبولوجيا**، عالم المعرفة، الكويت، العدد ٩٨، ١٩٨٦، ص١٦٣.
- م.م.لويس، **اللغة و المجتمع**، ترجمة تمام حسان، دار أحياء الكتب العربية، عيسى البابي الحلبي و شركاءه، ١٩٥٩.
- فندريس.ج، **اللغة**، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص، القاهرة، الأنجلو المصرية، ١٩٥٠.


## دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


- Arens.H.: **Aristotl's Theory of Language and Its Tradition**. Amsterdam/Philadelphia, John Benjamins, 1984.
- Boas,F.: (**Introduction10**) Handbook of American Indian Languages, 1967.
- Carrol,J: **Language**, Thaught and Reality; Selected Wraiting of B.L.Whorf. 1956.
- Cooper.D.:**Philosophy and the Nature of Language**, London, 1973.
- Dinwoodie, David W. (2006). "**Time and the Individual in Native North America**". In Sergei Kan; Pauline Turner Strong; **Raymond Fogelson**. New Perspectives on Native North America: Cultures, Histories, And Representations. U of Nebraska.
- Gligli,P.(ed.): **Language and Social Context**. London,Pengain Education, 1972.
- Hymes, D.(ed.): **Language in Cultur and Socialy**. New York, Harper & Row, 1964.
- Harman, G. (ed): **On Noam Chomsky: Crisical Essays**, The University of Mass. Press.1982.
- Land,S.:**From Signs to Propositions**. London, Longrnan, 1974.
- Lenneberg, E,: **Biological Foundations of Language**. New York, John Wiley, 1967.
- Mathiot, M.: **The Semanrtic and Cognitive Domains of Language,in Ciravin**, P. (ed): Cognition; A Multiple View. 1970.
- Marilyn Mandala Schlitz, Cassandra Vieten & Elizabeth M. Miller, **Worldview Transformation and the Development of Social Consciousness**, Journal of Consciousness Studies,No. 7–8, 2010.
- M. Schlitz, C. Vivten & E. Miller, **Worldview Transformation and the Development of Social Consciousness**, Journal of Consciousness Studies, 17, No. 7–8, 2010.
- Penn,J.: **Linguistic Relativity Vergus Innate Ideas**. The Hague, Mouton, 1972.
- Piaget, J. (**Language and thought from the genetic point of view**).In Piaget.J. Six psychological studies. London: University of London Press.(1968).
- Robins, R,: A Shotr History of Linguistics. London, Longman,1979.
- Spinosa, C., Flores, F. & Dreyfus, H. (1997) **Disclosing New Worlds: Entrepreneurship**, Democratic Action, and the Cultivation of Solidarity, Cambridge, MA: MIT Press.
- Subbiondo, J. L. (2005). "**Benjamin Lee Whorf's theory of language, culture, and consciousness**: A critique of western science". *Language & Communication* 25 (2):. doi:10.1016/j.langcom.2005.02.001.
- Trager, George L. (1959). "**The Systematization of the Whorf Hypothesis**". *Anthropological Linguistics* (Operational Models in Synchronic Linguistics: A Symposium Presented at the 1958 Meetings of the American Anthropological Association) 1 (1), *ISBN 978-1556196195*.

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.8


- Trevarthen, C. & Aitken, K.J. (2001) **Infant intersubjectivity: Research, theory, and clinical applications**, Journal of Child Psychology and Psychiatry, 42 (1).

- Urban, G. (1996) **Metaphysical Community: The Interplay of the Senses and the Intellect**, Austin, TX: University of Texas Press.
- Wolters, Albert M. "**On the Idea of Worldview and Its Relation to Philosophy**." In Stained Glass: Worldviews and Social Science, 14-25. Lanham, MD: University Press of America, 1989.
- Zimbardo, P.G. (2007): **The Lucifer Effect:** Understanding How Good People TurnEvil, New York: Random House.